جەنگ لەگەڵ مەرگ و ژیاندا

ئەحمەد کامەران

چیرۆک

ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب:جەنگ لەگەڵ مەرگ و ژیاندا

نووسینی: ئەحمەد کامەران

بابەت: کورتە چیرۆک

ساڵی چاپ : ٢٠٢٢

بەرگ:نەهرۆ ستار

چاپخانە :

ئەم بەرهەمە لە دوو کورتە چیرۆک پێک دێت :

١. جەنگ لەگەڵ مەرگ و ژیاندا.

٢. نێرگز.

جەنگ لەگەڵ مەرگ و ژیاندا

منداڵێک ڕۆژی لە دایکبوونێکی جیاوازی دەبێت، تەنانەت ژیانێکی جیاوازتری هەبوو لەگەڵ منداڵەکانی دیکە. ئەمەش وای لێکردبوو ، لە هەموو شوێنێک بە جیاوازتر دەرکەوێت، ئەو منداڵەش ناوی "ئامانج" بوو.

لە خێزانێکی زۆر هەژارو دەستکورتدا لەدایکببوو، ئەم کوڕە خێر لەخۆنەدیوە هەر لەتەمەنێکی زوودا بە سەخترین قۆناغەکانی ژیانی هەژاریدا تێپەڕدەبێتن.

لـــەپاش كــۆچی دوایـــی بـــاوكی دەبێتـــە قوربـــانی ئـــەو ژیانـــە ســـەختەی ، كـــە لەســـایەی باوكییـــەوە هـــاتبووە ئاراوە بۆی.

بـــاوكی ئامـــانج پیـــاوێكی نەخوێنـــدەوارو كـــورت بـــین بـــوو بـــۆ ژیـــان، بەبـــێ گوێـــدانە لایەنـــی ئـــابوورییەكەی هەســـتا بە خســـتنەوەی ســـێ منـــداڵ، كە بـــۆ دواجـــار ئەم ســـێ منـــداڵە چـــاو گەشـــە بـــاجی هەڵەی ئەنـــدامە نێـــرینە گەرمەكەی باوكیان دەدەن.

ئامـــانج گـــەنجێك بـــوو، لـــە قۆنـــاغی گـــەنجێتی ژیـــانی، دڵـــداری لەگـــەڵ هـــیچ كچێكـــدا نـــەكردبوو، چوونكـــە ئـــەو هەمیشـــە دەیگـــوت: مـــن نامـــەوێت هـــیچ كاتێـــك بكەومـــە تەڵـــــەی خۆشەویســـــتی كچێكـــــەوە كـــــە داهاتوویـــــەكی هەژار بنیات بنێم.

ئەوكاتـــــە خۆشەویســـــتی دەكـــــەم كـــــە توانـــــای بەرزڕاگرتنی ئەو خۆشەویستیەم هەبێتن.

بەیانیانێــــک ئامـــــانج بە چـــــاوێکی پـــڕ لە مانـــــدویەتییەوە هەڵدەســـــــتێت و بەرەو کـــــــارکردن ملــــــــی خـــــۆی شـــۆڕدەکات، لەســـــەری شـــــەقامی کۆڵانەکەیـــــان کـــــچە دراوســـــێکەی تەنیشـــــتیان دەبینێـــــت ، کە بەرەو زانکـــــۆ دەڕوات،کاتێـــک تەرزە چـــاوی دەڕوانێـــــتە ســـــەر ئامـــــانج، راســـــتەوخۆ بە زەردەخەنەیەکەوە ســـــڵاوێکی بەیانیـــــانی لێـــدەکاتن، ئامـــــانجیش زۆر بەســـــاردی و ســـــڕی وەڵامـــی ســـــڵاوەکەی تەرزەی دایەوەو بەرەوکـــــــارەکەی خـــــۆی ملی شۆڕکرد.

ئەگەرچـــــی ئامـــــانج زۆر دڵـــــی بەلای ئەو کـــــچەوە بـــــوو ، بەڵام هەژاری و ســـــــەختی و نەگبەتـــــی نەیتـــــوانی پێـــــی بڵێت خۆشمەوێیت.

چیرۆکـــــی ژیـــــانی ئامـــــانج و هاوشـــــێوەکانی،رۆژانە لەم نیشـــــتیمانەی خۆمـــــان بەشـــــێوەیەکی زەق بوونیـــــان هەیە، بەردەوامـــــیش لە هەڵکشـــــاندا دەبێـــــتن، بەهـــــۆی

نەبـــــوونی یەکســـــانییەکی دادپەروەرانە بـــــۆ ســـــەرجەم تاکەکان.

چاوەکانیـــــان پـــڕ لە فرمێســـکایەو، بە دەیـــان ئـــارەزوو ئـــاوات لەنێـــو ناخیـــان حەشـــارداوە، زۆرجـــاران بەشـــێک لەو ئارەزووانەیـــــان دەبەنە ژێـــــر گـــــڵەوە. ژیـــــانە ســـــەختەکەی ئامـــــانج بـــــۆی دەبێـــــتە وانەگەلێکـــــی زۆر باش بۆی لە ژیاندا.

بە گێـــــڕانەوەی چیرۆکـــــی ژیـــــانی خۆیـــــدا،دەیەوێت ئەوەمـــــان پـــــێ بڵێـــــت ، کە لە کـــــاتی پرۆســـــەی هاوســـــەرگیریدا تەنیـــــا ڕەچـــــاوی نـــــاو گەڵمـــــان و ئـــــارەزووە کاتییەکانمـــــان نەکەیـــــن، چـــــوونکە لە دواجـــــارا ئەوە منـــــداڵەکانن دەبـــــنە قوربـــــانی ئـــــارەزووە کاتییەکـــــانی دایک و باوکیان.

ئامانج پێی وایە بەختەوەرترین خێزانەکان ئەو خێزانانەن کە لە ڕووی ژمارەی خێزانی دیاری کراون، واتە ئەوانەی یەک بۆ دوو منداڵیان هەیە و زۆر بەختەوەر دەژین،بەو برە داهاتەی کە دەستیان دەکەوێت لە کارکردنا.

دەستپێکی چیرۆکەکە:

کاتێک منداڵ بووم، ژیانێکی زۆر جوانم هەبوو، چوونکە نەمدەزانی لە چواردەورەکەم چی دەگوزەرێتن!

جگە لە پێکەنین هیچ شتێکی ترم شکنەدەبرد،بەڵام کاتێک بەپێی تێپەڕبوونی ساڵەکانی تەمەنی ژیانم کە گەورە بووم ، لە گریان و خەم هیچی دیکە فێرنەبووم لەم ژیانەدا.

خۆزگــــە بــــۆ بەشــــێکی زۆری مرۆڤــــەکان ، تــــەنیا ژیــــانی منــــداڵییان هەبوایــــە ، بەتایبــــەتیش بۆکەســــێکی دامــــاوی وەکو من.

ژیــانی مــن زۆر جیــاوازە لە هەمــوو کەســێکی دیــکەدا، پڕیــەتی لــە ســەختی و دەردەســەری، هــەموو ڕۆژێکــم جــەنگ بــوو لەگــەڵ مــەرگ و ژیــانی خۆمــدا، خێزانەکــەی ئێمــە ســەخترین ژیانیــان هەبوو،کــە بــەردەوام بەدەســتی هــەژاری و کرێچێتیــەوە دەمانناڵاند.

هــەرجارەو لــە کرێــی خانوویــەک نیشــتەجێ دەبــووین، بــاوکم پیــاوێکی کرێکــارو دەســتگێڕە شــڕەیەکی هــەبوو لــەناو بــازاری شــێخەڵا، بژێــوی ژیــانی ڕۆژانەی ئێمــەی پێــدابین دەکــرد. رووخســاری بــاوکمم هەمیشــە لــەیادم مــاوە کــە پیــاوێکی بــاڵا بــەرزی ئەســمەری پشــت کۆمــاو بــوو، هــیچ کاتێــک ئــەو باوکــەی مــن نەیــدەزانی مانــای پێکــەنین چییــە؟ جگــە لــە گریــان و رژانــدنی کۆمــەڵێک

فرمێسکی بێبەهایانە، کە ئەو فرمێسکانەی باوکم نەیتوانی ژیانی خۆش بکاتن تەنانەت بۆ چرکەیەکیش بێتن .
باوکی من ژیانێکی زۆر سەختی هەڵبژاردبوو ، کە ئەویش رەنجدان بوو لە پێناو من و دوو خووشکەکەم ، ڕۆژێکیان لە قوتابخانە گەڕامەوە بینیم لەپێش دەرگای ماڵەوە ئۆتۆمبیلێکی فریاکەوتن وەستابوو.
خەڵکی هەموو گەڕەک لەپێش ماڵمان کۆببونەوە هەرچەندە ماڵی خۆمان نەبوو، کە رۆژێک بە ئارامی تێیدا بحەسێینەوە. جانتاکەی سەرشانم فڕێدا سەرزەوی و بەڕاکردن بەرەولای ماڵەوە رۆیشتم، کاتێک نزیکی دەرگای حەوشەکەمان بووم راستەوخۆ دوو کارمەندی تەندرووستی باوکمیان خستبووە سەر قەروێلەیەکی چوار تایەری.

کە بەخێرایی بەرەو نێو ئۆتۆمبیلی فریاکەوتنەکە سەریان خست، لەولاشەوە دایکم بەگریان و لە خۆداین لەگەڵ تیمەکەی فریاکەوتن رۆیشت و منیش ئەو رۆژە ناچاربووم لەماڵەوە لای خووشکە بچووکەکانم بمێنمەوە...

کاتژمێر پێنجی ئێوارە بوو دایکم بە گریانەوە زەنگی بۆ کردم، هەستم کرد کە شتێکی مەترسیدار بەسەر باوکمدا هاتووە ، دایکم بە ناخێکی پڕ لە گریانەوە پێی راگەیاندم کە باوکت کۆچی دوایی کردووە.

ئیتر بۆ هەتا هەتایی ماڵئاوایی لەهەمووانی کرد،تەنانەت لەو ژیانە سەختەی کە ساڵانێک بە دەستیەوە گیرۆدە ببوو،تەنها مردنە هەژارەکان لە ژیانە ماندووکەرەکەیان رزگاریان دەکات.

دوو خووشکە جوانەکەم (دینەو زینە) دینە تەمەنی تەنیا چوار ساڵان بوو وە زینەی خووشکم هەشت ساڵان بوو.

ئــەوان زۆر هەســتیان بــەبوونی بــێ بــاوکی نــەدەکرد چوونکــە لــە ســەرەتای بــەهاری تەمەنــی منــداڵی خۆیــان بــوون، بــەڵام مــن و دایکــم لــەو رۆژەوە خەنجــەرێک لەســەر دڵمانــدرا، ئــەوکات مــن تەمــەنم تــەنیا چــواردە ســاڵان بوو،کــە هــیچ خۆشــیم لــەو ڕۆژانــەی خــۆم نەبینی.

باوکمــــان ببــــووە پەردەیــــەک بــــۆ شــــاردنەوەی هەژاریەکــەمان، لەهەمانکاتیشــدا پردێــک بــوو لــە نێــوان ژیــانی ئێمــە و هەژاریەکــەمان .کــە هــیچ کاتێــک نەیدەهێشــت ئێمــە چێــژی هــەژاری بچێــژین بەشــێوەیەکی زەق،هــەموو ســەختیەکانی ژیانمــانی دابووە سەرشانی خۆی بەتەنیا.

لــەپاش کــۆچی دوایــی بــاوکم ئــەو پردەگەورەیــە رووخا ، کە ساڵانێک باوکم بنیاتی نابوو بۆمان.

باوکم بڕبڕەی پشتی ماڵەکەمان بوو، ئەو باوکە ماندووەم لەتەمەنێکی زوودا بەهۆی ماندووبوونیەوە ژیانی خۆی بەختکرد بۆمان ، لەیادمە کە چەندەها جار لە کرێکاری لەسەر ئەسکەلەکان کەوتبووە خوارەوە بەڵام ئەو پیاوە بەرگەی گرت و وازی نەهێنا لە پێناو ئێمەدا،بەڵام تا رۆژێک سەری خۆی خوارد و ئێمەی بۆ هەتا هەتایی بەتەنیایی لە ڕۆژگارێکی پڕاوپڕ لە ئاڵۆزی و ململانێدا بەجێهێشت.

لەو رۆژەوە کە باوکم ماڵئاوایی لە هەموانیکرد ژیانمان تاوەکو دەهات زۆر بەرەوسەختبوون دەڕۆیشت، ناچار بووم من بەشێکی سەختیەکانی ماڵەوە هەڵبگرم، کە ئیتر لەو تەمەنە کەمەوە دەستم دایە چەندین کاری جۆراو جۆر لەپێناو پەیداکردنی بژێوی خێزانەکەم.

رۆژی وا هـــەبوو منێــک کـــاتژمێر ســێی شـــەو لـــە کـــار گەڕاومەتەوە بۆ لانە سڕوساردەکەمان.

خۆشـــیم لـــە تەمـــەنی منـــداڵی و هــــەرزەکاری خـــۆم نـــەبینی بـــەهۆی ژیـــانی هـــەژاری و بـــەردەوامی کـــار و ئـــەو قورســـایانەی بەســـەر شـــانمەوە بـــوو، بەتایبـــەتی پـــاش ئـــەوەی کـــە دایکیشـــم لـــە پێیـــەکانی خـــۆی کـــەوت و توانـــای جوڵـــەکردنـــی نـــەما ئیتـــر ئـــەو کـــات مـــن زیـــاتر هەستم بە ماندووبوونی خۆم دەکرد.

پـــێش ئـــەوەی دایکـــم بکەوێتـــە ســـەرجێگا هاوکـــارێکی باشـــم بـــوو کـــە شـــان بەشـــانی مـــن کـــاری دەکـــرد لەگـــــەڵما،ئەرکی سەرشـــــانمی ســـــووکتر کردبـــــوو،بەڵام چـــارەنووس دایکمیشـــی لەپێیەکـــانی خـــۆی کەوت، تـــا رۆژی مردنی.

لەلایـــەکی دیکـــەوە مـــن دەســـتبەرداری خوێندنەکـــەم نـــەبووم، خوێندنەکـــەم تاکـــە رێگـــای دەربـــازبوونم بـــوو لەم ژیانە سەختە.

ناچـــاربووم لـــە قوتابخانەیـــەکی شـــەوان نـــاوی خـــۆم تۆماربکـــەم و دریـــژە بـــە خوێندنەکـــەم بـــدەم، کاتێـــک تەماشـــای خـــۆم و منـــداڵی خـــەڵکیم دەکـــرد کـــە مـــن چـــۆن دەژیـــــم و ئـــــەوانیش چـــــۆن دەژیـــــن، ئـــــەوان دەم بەخەندەو دڵخۆش بوون.

هـــەموو شـــتێکیان بـــۆ فەراهـــەم کرابـــوو لەلایـــەن دایـــک و باوکیانـــــەوە، کـــــەچی منێکـــــی دامـــــاویش چـــــاو بەفرمێســـک و خـــاوەنی دڵێکـــی مـــردوو بـــووم. منـــداڵی خـــەڵکی لـــە باشـــترین خوێندنگـــەکان دەیـــان خوێنـــد، منـــیش وەکـــو شەمشـــەمە کوێرەکـــان لـــە قوتابخانەیـــەکی شەوان درێژەم بەخوێندنەکەم دەدا.

بەشـــێکی ئەوانـــەی لەگـــەڵم بـــوون لـــە خوێندنگـــەی شـــــەوانیەکەدا ، لـــــە رووی پـــــەروەردەو ئاســـــتی رۆشنبیری داشۆرابوون.

منێک بەناچاری لەگەڵیان ڕاهاتبووم، چوونکە هیچ چارم نەبوو، هەروەها نەشمتوانی بگەڕێمەوە بەر خوێندنی بەیانیان بەهۆی زۆری کارکردنم لە بەیانیان، یاخود وەکو منداڵی خەڵکی پارەم نەبوو لە قوتابخانە تایبەتییەکان بخوێنم.

ڕۆژێکیان بیرم لەخۆم کردەوە کەوا باشە من چیتر چاوم لەسەر منداڵی فلان و فیسار هەڵبگرم،چوونکە ئیتر ئەمە چارەنووسی منە کە لە ڕێگای باوکمەوە ئەم چارەنووسەم بۆ دیاری کرابوو،کە دەبێت باجی هەڵەکانی باوکم بدەمەوە.

بێگومان من هیچ تاوانێکم نییە کە باجی ئەم سەختیانە بدەم. ئەگەر بمزانیبایە ژیانم بەم ڕێگایە هەنگاو دەنێت ،ئەوا نەفرەت لەو ڕۆژە دەکەم کهوا لەدایکبووم.

هەژاری وایلێکردبـــــــووم کە خـــــــواردنی پـــــــارچەیەک پیـــزای گەرم بـــۆ منێـــک قەدەغەوئەســـتەم بێـــتن ئیتـــر لەمە زیاتر چی؟

کاتێـــــک رۆژانە لە کـــــار دەگەڕامەوە بەلای هەنـــــدێک شـــوێندا تێـــپەڕیم وەکـــو چێشـــتخانەی شـــاهانەو شـــوێنی یـــــاریکردن و چەنەهـــــا شـــــوێنی نـــــاوازەی دیـــــکە کە بەبینینیان چاوەکانم فرمێسکیان لێدەباری.

بەڵام کاتێـــک دەســـــتم بۆگیرفـــانی دڕاوی خـــۆم بـــــرد تەماشـــــا دەکەم دوو دینـــــارۆکەک تێـــــدایە ،کە ئەویـــــش دەبێت بیدەمە پارووە نانێکی گەرم بۆ ماڵەوەمان.

رۆژانـــەیکی کـــەمم دەســـتدەکەوت لـــەو کارانـــەی کـــە ئـــــەنجامم دەدا کـــــە زۆر جـــــاران بەئەســـــتەم بەشـــــی خێزانەکـــەم و کرێـــی خانووەکـــەمانی دەکـــرد، ئەگـــەرچی لـــــەپاش کـــــۆچی دوایـــــی بـــــاوکم خـــــاوەن ماڵەکـــــە کرێیەکـــەی لەســـەرمان کـــەمی کـــردەوە بـــۆ ســـەد هـــەزار دیناری عێراقی .

بــەڵام ئــەو بــڕە پارەیــە بــۆ ئێمــە زۆر بــوو لە چــاو ئەو پارەیەی کە من لە کارکردن دەستم ئەکەوت.
رۆژانـــە لـــەکرێی کارکردنەکـــەم تـــوانیم چەنـــد دینـــارێکی کـــەم بــۆ خـــۆم جـــار بـــەجار پاشـــەکەوت بکـــەم، ئـــەویش بــۆ کڕینـــی هەنـــدێک کتێـــب و گۆڤـــار، کـــە زۆر ئـــارەزووم لـــە خوێندنـــەوە هـــەبوو، لـــە ڕێگـــای خوێندنـــەوەی ئـــەو کتێـــب و گۆڤارانـــەی کـــە دەمکـــڕین شـــتی نـــوێی و جوانی تیێدا فێربووم .
ئەگـــەرچی هەنـــدێک لـــە کتێبـــەکان نرخیـــان زۆر گـــران بـــوو منـــیش توانـــای ئـــەوەم نـــەبوو بەدەســـتیان بێـــنم، یـــاخود خـــاوەنی ئـــامێرێکی پێشـــکەوتووی ئەلیکترۆنـــی نەبـــووم، بـــۆئەوەی کتێبەکـــان بەشـــێوەی ئەلیکترۆنـــی دابەزێنم بۆ خۆم.
مامۆســـتا شـــەوکەت یـــادی بـــەخێر لـــە بـــازاڕی رۆشـــنبیری کتێبخانەیـــەکی هـــەبوو ،ناوبـــەناو هەنـــدێک لـــەو کتێبـــە گرانبـــەهاکان بـــە خـــۆڕایی یـــان بـــە بڕێکـــی

کـــەم پێـــی دەدام تـــاوەکو چێژیـــان لێـــوەرگرم، هەســـتم دەکـــرد لـــەپاش هـــەر کتێبێـــک کـــە تـــەواوم دەکـــرد ئـــەو ســـەختیەی سەرشـــانم لاواز دەبـــوو. کتێبـــەکان وەکـــو جادوگـــەرێک وابـــوون بـــۆم کـــە رۆیشـــتبوونە نێـــو دڵمـــەوەو ئازارەکـــانی دڵمیـــان بەشـــێوەیەکی کـــاتی چارەســـەر دەکـــرد، بـــەڵام نـــەیان تـــوانی بۆهـــەتا هـــەتایی چارەسەری بکەن.

شـــتێکی ئەســـتمە کـــە ڕەنگـــە بـــەپێی تێپـــەڕبوونی رۆژگـــار چاکببێتـــەوە یـــاخود تـــاوەکـــو مـــردنم بمێنێـــت ئـــەو زامـــەی دڵـــم، دڵـــە زامدارەکـــەی مـــن، لـــە پێنـــاو بـــاڵاو چـــاوی جـــوانی کچێکـــی ناســـکۆڵەی چـــاو نەشـــمیلانێ برینـــدار نەکراوە،بـــەڵکو لـــە ئـــەنجامی هـــەژاری و ســـەختی ئـــەم ژیانـــە نادادپـــەروەرە زامـــدارکراوم، خۆزگـــە منـــیش لەلایـــەن کچێکـــەوە دڵـــم زامـــدار بکرابایە،نـــەکو بە هەژارییـــەکی نـــەگریس منێکـــی بـــێ دەســـەڵات زامداربکرێم...

جارێکیـــــان کـــــە کتێبـــــێکم بەدەســــــتەوە بوو،راســــــتەوخۆ خـــــەیاڵم کـــرد کـــــە رۆژێـــک بێـــت مـــن ببمـــــە نووســـــەرو ئەکتـــــەرێکی لێهاتوو،بـــــە پێکەنینـــــەوە بـــــە خـــــۆمم گـــوت: هـــــەی ئامانجـــــە خـــــەون حوشتر،هەربەڕاســــتی خـــــەونی زۆر گەورەو پەمەیی دەبینم لەم ماوەیە.

مـــن لـــەکوێ و نووســـــەری و ئەکتـــــەری بـــۆ منێـــک کوجـــا مەرحـــــەبا، منێکـــی دامـــــاو بـــــەردەوام ئـــــەبێت راکـــــە راکـــــەم بێـــت لـــەملاو بـــۆ ئـــەملا بـــۆ پەیـــداکردنی دوو لوقمـــە نـــانی گەرم بۆخـــۆم و خێزانەکـــــەم، ئـــــەو کاتـــــەم لـــــەکوێ دەبێـــت کـــــە بـــــۆ نووســـــەر بـــــوون تـــــەرخان بکـــــەم؟ واهەســـــت دەکـــــەم رۆژ بـــــەرۆژ بـــــەم خەونـــــە خۆشـــــانەوە ئـــــەقڵم لەدەست دەدەم.

ئەم جـــــۆرە شــــــتانە هـــــــی ئەو گەنجـــــانەیە کە ژیـــــانێکی ئارامیان هەیەو،بیرلە داهێنان دەکەنەوە.

واباشە هەستمەوەو بڕۆمە لای کارەکەی خۆم باشترە، با بەم خەونە بێمانایانەوە لە کارەکەیشم دەرنەکرێم.

هەستێکی ترم هەبوو کە لەناخەوە هێزی پێبەخشیم و پێی دەگوتم: ئامانج تۆ لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی سەختی ژیاندا خۆتدەبینیتەوە، بۆیە هیچ کاتێک لەنیوەی ڕێگا ئەم تاقیکردنەوەیە بەجێ نەهێڵیت، چوونکە ئەم تاقیکردنەوەیە کاتییە و لەپاشان ژیانێکی جوانت بەڕووتدا دەکرێتەوەوسەرجەم نەهامەتییەکانی قۆناغی هەرزەکاری و منداڵیت لەیاد دەکەیت.

ئەمەش بەو مەرجەی کە بتوانی لەم تاقیکردنەوە سەختە نمرەیەکی باش بهێنیت ، ئیتر ئەوکاتە بە هەموو خۆشیەکانی ژیان شاد دەبیتەوە.

***

ئەوهەســـــتەی نـــــاخم لـــــەو رۆژەوە بـــــووە پاڵنـــــەرێکی گـــــەورە بـــۆم، کـــە بەئاســـانی لـــە نیـــوەی رێگـــا خـــۆم نەدەمـــە دەســـتی ســـەختیەکانی ژیـــانم، ژیـــانی مـــن وەکـــو جـــەنگێکی خوێنـــاوی وایـــە ،بۆیـــە منـــیش دەبێـــت بـــبم بەســـەربازێکی لێهـــاتوو تـــاوەکو بتـــوانم بـــە بـــەهێزی لـــەم گۆڕەپانـــە فراوانـــەدا جـــەنگ لەگـــەڵ ســـەرجەم ئـــەو بەربەســـتانەی پێشـــی خۆمـــدا بکـــەم، کـــە دێنـــە ســـەڕێگای ژیانم.

لـــە ســـەردەمێکدا دەژیـــم هـــیچ کەســـێک خـــەمی کەســـی تـــری نییـــە تـــەنیا دەبێـــت خـــۆت خـــەمـــی خـــۆت بخۆیـــت، ئەگـــــەرنا بەزینـــــدوویی لـــــە بەیانیـــــەکی روونـــــاک زیندەبـــەچاڵ دەکرێـــی. تەنانـــەت هـــیچ کەســـێک نایـــەت بەلاتەوە دەستت بگرن و بتخەنە سەر پردی ژیان.

ســـەرباری ئـــەوەش هەمیشـــە هەوڵـــدەدەن ئـــەو پـــردەی کەبـــە مانـــدووبوون دەتـــەوێت بنیـــادی بنێـــی ئـــەیانەوێت

بیـــڕوخێنن بـــۆم بۆئـــەوەی لـــە دۆڵـــی مـــەرگی ژیـــان نغرۆببم.

ئێوارەیـــــەک بـــــە رووخســـــارێکی مانـــــدوو لەگـــــەڵ جەســـــتەیەکی لاواز لـــە کـــار گەڕامـــەوە ،بـــەڵام پـــێش ئـــەوەی بـــەرەو مـــاڵ بـــڕۆم راســـتەوخۆ بـــەرەو گۆڕســـتان رۆیشـــتم لـــە کەســـنەزان بـــۆ ســـەردانی گـــۆڕی باوکی کۆچکردووم.

کاتێـــــک گەیشـــــتمە لای گـــــۆڕەکەی بـــــاوکم ، مەنـــزڵگەکەی بـــاوکم هـــەروەکو خـــۆی مـــابوو کـــە نـــەمان تـــوانی بـــە کاشـــی و مەڕمـــەرێکـــی شـــاهانە بـــۆی بڕازێنینـــەوە، بـــڕە پارەیـــەکی زۆری دەویســـت ئێمـــەش ئـــەو پارەیـــەمان پـــێ پەیانـــەدەکرا کـــە بـــۆی بکەین،تەنانـــەت باوکیشـــم لـــەپاش مردنـــی نـــەیتوانی مەنزڵگەیەکی جوان بۆ خۆی بڕازێنێتەوە.

ئـــاخ بـــاوکە تـــۆ رۆیشـــتی و ســـێ منـــداڵت بەدوای خـــۆت بەهەژاری بەجێهێشت.

بخەوە بە ئارامی...
چەپکە گوڵێک و هەندێک ئاوڕێژی سەر گۆڕەکەیم کرد تاوەکو باوکم لەنێو ئەو چاڵەدا هەست بە فێنکی بکات ،باوکم زۆر ئاشقی گوڵ بوو، هەمیشە بەبۆنی گوڵەکان هەستی بەئارامی دەکرد.
ئەم شوێنە کش و ماتە کە بەدەیان کەس بۆ خۆیان بەبێدەنگی پاڵیانداوەتەوە،لەنێویشیاندا باوکە ماندووەکەی منیش بە ئارامی لەم شوێنە بۆ خۆی پشوودەدات ، باوکم لەماڵی خۆی هیچ کاتێک پاڵدانەوەو پشوودانی لێ زەوتکرابوو. دایم لە راکە راکە بوو بۆ ئێمە تاوەکو پارووە نانێکی گەرم بۆمان بهێنێتەوە بۆ هێلانەکەمان.
گۆڕستان بەلای منەوە ئەو شوێنە جوانەیە کە مرۆڤە پاکەکان و ماندووەکان تێیدا بە ئارامی دەحەسێنەوە بۆ هەتا هەتایی بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک ماندوویان بکات.

ئـــەو جـــۆرە مرۆڤـــانەی هاوشـــێوەی بـــاوکم، هـــیچ کاتێـــک لـــە ژیـــان بـــۆ چرکەیـــەکیش بێـــت نـــەیان توانیـــووە بـــە ئـــارامی خـــــەوێکی خۆشـــــی زســـــتانان لـــــەچاوەکانیان بڕواتن،کەچـــــی هەر بەدوای پەیـــــداکردنی نـــــانەوەن بە پـــــارەیەکی کەمیش،لەلایەکـــــی دیـــــکەوە کەســـــانێک بەلامـــــانەوە تێـــــدەپەڕن بە دووکـــــاتژمێر کەمتـــــریش کارکردن ئارامترین ژیانیان هەیە.

هاوشـــێوەکانی بـــاوکم لێـــرەدا بۆخۆیـــان چاوەکانیـــان لێـــک ناوەتـــەوەو،خەمـــی هیچیـــان نیـــیە. هەرکاتێـــک بچووبامـــایە ســـەر گـــۆڕی بـــاوکم ئەوا، هەنـــدێک دەردە دڵیم لەگەڵ باوکم دەکرد.

هەرچەنـــدە ئـــەو گـــوێی لـــەمن نـــەبوو، بـــەڵام قســـەکانی نـــاخی خـــۆم کـــردو پـــێم گوت:باوکـــە لـــەپاش تـــۆ مـــن زۆر مانـــدووم لـــەم ژیانـــە دوو رووەدا، ئیتـــر نـــازانم تـــاوەکو کەینـــــێکە بەرگـــــەی ســـــەرماو گـــــەرما و ســـــەختی و نەبـــوونی دەگـــرم، باوکـــە تـــۆ ئاگـــەداری کـــە مـــن لـــەپاش

تـــــۆ هــــــەموو بـــــەیانیــــانێکی زوو چاوەکــــانم لەخــــەو ڕادەپــــەرێت، ئیتــــر وەکــــو دێوانەیــــەک لــــەملا بــــۆ ئــــەولا دەکــــەم بــــۆ پەیــــداکردنی پــــارووە نــــانێکی گــــەرم بــــۆ دایکــــە نەخۆشەکەم و دوو خووشکە بچووکەکەم.

شەشــــەمین جارمــــە کــــە پێڵاوەکــــەی پــــێم دەدڕێــــت و منــــیش بــــەناچاری پینــــەی دەکــــەم بــــەهۆی نــــەبوونیمەوە، ئەگــــەر بمزانیبایــــە ژیــــان ئەوەنــــدە بــــۆمن ســــەختە هــــیچ کاتێک ئارەزووم نەدەکرد لە دایک ببم.

مــــن و دوو خووشــــکەکەم ئــــارەزوو دەکــــەین وەکــــو ژیــــانی منــــداڵی خــــەڵکی خــــۆش بژین،دوێنــــی کاتێــــک لــــە کــــار گەڕامــــەوە زینــــەی خووشــــکم داوای پاســــکیل و بووکــــەڵــــە شووشــــەم لێــــدەکات منــــیش بــــەڵێنم پێــــداوە کەبە هەر شێوەیەک بێت بۆی بکڕم.

ئەی باشە کێ بۆمن شت بکڕێت؟

باوکــــە تــــۆ ڕۆیشــــتیت و هــــەموو قورســــایەکانی ئــــەم ژیانــــە کــــە پڕیــــەتی لــــە مرۆڤــــی بێوەفــــا هــــەموویت یــــا

بەسەرشانی منا، منیش ناچارم لە پێناو خۆم و خێزانەکەم جەنگ بکەم بۆ ئەوەی بە زیندوویی بمێنینەوە لەم ژیانە کولەمەرگیەماندا.

کاتێک لەسەر گۆڕی باوکم هەستامەوە،لەپاشان بەنێو ئەو گۆڕستانە فراوانە دەڕۆیشتم بە پیاسەیەک . کە بینیم لەهەر سووچێکی ئەم گۆڕستانە فراوانە چەندین گۆڕی سارد و سڕ ئەهاتە پێش چاوەکانم کە هەریەکە لەو گۆڕانە کەسێک بۆخۆی لەنێویدا پاڵیداوەتەوە بەبێ ئەوەی بزانم لەنێو گۆڕەکاندا چی دەگوزەرێتن!

چوار گۆڕم بینی لەنێو ئەو گۆڕستانەدا کە لەتەنیشتی یەکەوە بوون دانەیەکیان باوکە بوو ئەوی تریش دایکەکەیان بوو لەگەڵ کچەکەی و کورەکەی کە هەرچواریان لەتەنیشتی یەکترەوە نێژرابوون، بەبینینی ئەو دیمەنە زۆر پێیان کاریگەر بووم.

چوون بۆگۆڕستان شوێنێکی ئێجگار جیاوازە لەهەموو شوێنەکانی دیکە کە ڕۆژانە سەردانیان دەکەین. ئەگەرچی هەستم بەدڵتەنگی دەکرد لەنێو ئەم گۆڕستانە بێدەنگە کە بەدەیان مرۆڤی مردوو تێیدا نێژرابوو،بەڵام لەلایەکی دیکەوە بە زەردەخەنەیەکەوە بەخۆمم گوت: ئاخ ئامانج تۆش ڕۆژێک دێیتە ئێرە و دەچیتە ژێر ئەم خاکە تاریک و بێدەنگە ئەگەر بێت و لێی بێبەش نەبم. زۆر کەس هەیە ڕۆژانە پارچە گۆڕێکیانیش نابێتە بەشیان.

نازانم لەپاش مردنم چارەنووسم چی لێدێت و بەرەو کوێ گەشت دەکەم؟

مردن گەشتێکە تەنها کەسی مردوو خۆی دەزانێت چارەنووسی چی لێدێت ،خۆزگە بمزانیبایە باوکم لەکوێیە ئێستاکە!

ئەگەر ببمە نووسەر و ئەکتەر یان فەرمانبەر و مامۆستا یان پزیشک و ئەندازیار یاخود وەزیر و

سـەرۆک، هـەمووی لەکۆتاییـدا بـەچاوتروکانێک لەدەسـتیان ئەیەم،تـەنیا ئـەم شـوێنە بێنـازە پێشـوازیم لێـدەکات بەپارچـە زەوییـەکی باریـک و تـاریکی چارەنووس نادیار.

کەواتـە چیتـر پێوسـت ناکـات مـن بـۆ بەدەسـتنەهێنانی شـتێک دڵگـران بـبم. لەکۆتاییـدا بـەهۆی مردنـەوە لەدەسـتی دەدەم بـۆ هـەتا هـەتایی، هـیچ کـاتێکیش نابێتـە مـوڵکی مـن، بەڵام تـاوەکو ئەوڕۆژەی کە لە ژیـانم منـی مـرۆڤ دەبێـت بەبەردەوامـی ئـاوات و خەونم هەبێت بۆ ژیانی خۆم.

ئـەم شـوێنە کـە پێـی دەڵـێن گۆڕسـتان مـاڵی هـەموو کەسـێکە، ئـەوەی ئـاین و ڕێبـازی جیـاوازە یـاخود ئـەوەی لەهـەر پلـەو پۆسـتێک خزمـەتی کـردووە ڕۆژێـک لـە ڕۆژان، پـێم وایـە مـردن هـیچ کەسـێک لـە ئێمـە ناناسـێت،ئەم شـوێنە ڕۆژانـە هەریـەکێک لـە ئێمـە بـۆلای خـۆی ڕادەکێشـێت بـۆ شـوێنێک کـە

هەمووکەســــــێک چاوەڕێیـــــــەتی ڕۆژێـــــــک لـــــــە شەمەندەفەری مەرگ دابەزێت.

پــاش پێــنج ســاڵ لــە کــۆچی دوایــی بــاوکم، لــە شــەوێکی درەنگـــی کـــش و ماتـــا دایکیشـــم چیتـــر بەرگـــەی ئـــەو ئـــازارەی نـــەگرت، کـــە مـــاوەی چەنـــدین ســـاڵە بەدەســـتییەوە ئەیناڵانـــد. دایکـــم لـــەپاش کـــۆچی دوایـــی باوکمـــەوە تووشـــی چەنـــدین نەخۆشـــی کوشـــندە بـــوو کـــە نـــەمان تـــوانی تەنانـــەت چارەســـەرێکی ســـەرەتاییش بـــۆی بکـــەین، بـــەهۆی نەخۆشـــییەکەیەوە نـــەیتوانی بەرگـــە بگرێـــت ،ئیتـــر وای لێهـــات تـــاوەکو ئـــەو ڕۆژەی چاوەکـــانی لێکنـــا هـــەر لەســـەر جێگاکـــەی خـــۆی نەیتوانی هەڵسێتەوە سەرپێیەکانی خۆشی .

ئەمـــەش بـــۆمن قورســـاییەکی دیکـــە بـــوو لەسەرشـــانم کـــە لەلایـــەک کـــاری دەرەوەو لایـــەکی دیکـــەوە بـــەخێوکردنی دایکـــم و لەگـــەڵ ئەوەشـــدا بـــەردەوامیم لەخوێندن.

بـۆ دواجـار لــە درەنگــانێکی شــەو دایکیشــم کۆتــایی بــەو ئــازارەی هــات و بــەرەو مەنزڵگــەی ئــارامی بەڕێکــەوت و لەتەنیشتی باوکمەوە بەخاکمان سپارد.

مـــن و دوو خووشـــکەکەم بـــەبێ دایـــک و بـــاوک ماینـــەوە. دینـــە و زینـــەی خوشـــکم رۆژ بـــە رۆژ ئــەوانیش گــەورە بوون،زینــە و دینــە دووکچــی ژیــر و تێگەیشــتوو بــوون ،هــەروەکو خــۆم وابــوون، ئــەوانیش لەگــەڵ ســەختییەکانی ژیــان جــەنگیان دەکــرد. مــن زۆر شــانازیم پێیانــەوە دەکــرد، بەشــێکی قوربانیــەکانم لــە پێنــاو ئــەو دوو خووشــکەی خــۆم بــووە،هیچ کاتێــک نەمهێشـــتوە هەژاری کـــاریگەری بکـــاتە ســـەرژیانی دوو خوشـــکەکەم بـــۆ ئەوەی نـــامەردێکی نـــاو گەڵ گەرمـــی بـــۆگەن ئەو هەلە بـــۆ خـــۆی نەقۆســـتەوەو خووشکەکانم بکاتە کاڵایەک بۆخۆی.

هەژاری وا لە مرۆڤانێـــک دەکـــات کە دەســـت بـــۆ هەمــوو کارێــک بــبەن، بەتــایبەتیش کچــان و ئافرەتــان،

سالانێکی زووە ئافرەتێک بەناوی ساجیدەوە دەناسم، بەڵام شوێنی نیشتەجێبوونەکەی ناڵیم چوونکە پێویست ناکات کەس شوێنی بزانێت.

ئافرەتێکی تابلێی زۆر بەڕێزو میهرەبانە کە چەندین جار هاوکاری من و خووشکەکانمی کردووە ، بەڵام رۆژێکیان هەژاری گەیشتە تنۆکی ساجیدەی داماو، ئیتر ئەو ئافرەتە لە ناخەوە یاخی بوونی ڕاگەیاند، کە بڕیاریدا ببێتە لەشفرۆش و ئافرەتێکی سۆزانی . جارێکیان ساجیدە لە باخچەیەکا بە ڕێکەوت چاوم پێیکەوت و لەگەڵی دانیشتم هەنێک لە سەختییەکانی ژیانی خۆیی بۆمن گێڕایەوە بەم شێوەیە:

هەموو شەوێکی من لە باوەشی چەندین پیاوە قەڵەو و ترخێنە بۆگەنەکان شەوەکانم بەڕێ دەکەم، خۆزگە تەنیا لە باوەشیان بوومایە، سەرباری ئەوەش لەسەر ئەندامە نێرینە زلە بۆگەنەکەیشیان

وەک منـــــداڵ جـــــۆلانێ دەکەم بـــۆ چەنـــــدین کـــــاتژمێر تـــــاوەکو ئـــــارەزووە ئاژەڵیەکەیـــــان دێـــــتە خـــــوارەوە، لەگەڵ چەنـــــدەها ڕووداوی ناخۆشـــــتر کە لە شـــــەوانی بەناو(ســـور) مـــــن بەدەســـــتی ئەوشـــــەوە قێـــــزەونەوە دەنـــــاڵێنم، لەو شـــــەوەدا چەنـــــدین کەســـــانی جیـــــاواز خۆیان لێم نێزیک دەکەنەوە بۆ دەستە گانێک.

***

ئیتـــر لەمە زیـــاتر نـــاتوانم هەموویـــت بۆبـــاس بـــکەم. بـــۆیە بـــا ســـەری تـــۆش نەیەشـــێنم ئامـــانج گیـــان کـــاتێکی خـــــۆش بە قوربـــــان ئاگـــــات لە خـــــۆت و دوو خووشکەکەت بێت...

ئـــەو خـــانووەی کـــە تێیـــدا بـــووین بـــە کـــرێ، بـــەجێمان هێشـــــت و بـــــەرەو شـــــوقەیەک ڕۆیشـــــتین لـــــەوێ نیشـــــتەجێ بـــــووین. چەنـــــد بـــــە ئـــــاواتی ئـــــەوە بـــــووم ڕۆژێـــــک شـــــوقەیەک یـــــان ماڵێکمـــــان هـــــەبێت و بـــــە ئاسوودەیی تێیدا بژیم من و خوشکەکانم.

بەشێک لەهاوڕێکانم کە لە زانکۆ پێکەوە بووین ژیانی هاوسەرگیرییان پێکهێنابوو، هەندێکیان لە کاتی زانکۆ وە هەندێکی تریشیان لە پاش تەواوبوونی زانکۆ چوونە ئەو پرۆسەیەوە. ناوبەناوە بەمنیان دەگوت: ئامانج تۆش کەی دەبیت بە زاوا؟ پرسیارێکی زۆر بێماناو بازاڕیانە بوو کە لەلایەن هاوڕێکانمەوە لێم دەکرا بەڵام زۆر گوێم بۆ ئەو پرسیارانە شل نەدەکرد. من هیچ کاتێک پرۆسەی هاوسەرگیری لەنێو میشکی خۆمم دانەنابوو.

بە چەندین قۆناغی سەختی هەژاریدا تێپەڕیبووم، ئەو قۆناغانەی کە من تێیدا تێپەڕبووم سەرجەمیان بۆمن وانە بوون بۆ ژیانم ،کە جارێکی تر ئەو وانە ناخۆشانە دووبارەی نەکەمەوە. ئەگەر بێت و ئێستا پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەم ئەوا دووبارە ژیانێکی سەخترم دێتەوە پێش ، کە ئەمجارەیان

جگـــه لـــه خـــۆم منداڵەکـــەم و هاوســـەرەکەم باجەکـــەی دەدەن، تەنانـــەت بـــە قورسـترین شـــێوەش باجەکـــەی دەدەن.

هـــەروەکو چـــۆن بـــاوکم کـــۆچی دوایـــی کـــرد، دواجـــار مـــن بـــاجی هەژارییەکـــەی بـــاوکم دا. هـــەزاران خـــەونـــی جـــوانی منـــداڵیم و هـــەرزەکاری و گەنجـــیم هـــەمووی بەهۆی هەژارییەوە لە گۆڕنران.

قۆنـــاغی هـــەرزەکاریم ســـەخترین ســـاڵەکانی تەمـــەنی مـــن بـــوو لـــە ژیـــانم . کـــە زۆر ئەســـتەمە لـــە یادیـــان بکـــەم، بەتایبـــەتی ئـــەو ڕۆژانـــە لـــەتاو ســـەرمای ســـەختی زســـتان و بـــە پێڵاوێکـــی دڕاوی پینـــەکراو لـــە کـــارکردن بووم .

هـــەموو دەســـتەکانم لـــەتاو ســـەرما دەلەرزین،بۆیـــە ئێســـتاکە زۆر ئەســـتەمە ئـــەو ژیانـــە دووبـــارە بکەمـــەوە. چوونکـــە مـــن وانەگـــەلێکی گرنـــگ فێربـــووم لـــەو ســـەختیانەی ژیـــانم ،کـــە ئیتـــر ئێســـتا خـــۆم بـــاش دەزانـــم

چـــۆن هـــەنگاو دەنـــێم بـــەرەو پێشـــەوەو بـــۆ ژیـــانێکی جوانتر و ئارامتر.
نامـــەوێت منداڵەکـــەم چێـــژی هـــەژاری ببینێـــت. تەنانـــەت بـــۆ چرکەیـــەکیش رێگـــا نـــادەم ژیـــانێکی ناخۆشـــی هـــەبێت ، هـــەروەها هـــیچ کـــاتێکیش بـــۆی باســـناکەم کـــە باوکـــت بـــە چەنـــدین قۆنـــاغی ســـەختی هـــەژاری تێپەڕیوە،ئـــەوەی مـــن چەشـــتم لـــەم ژیانـــە، تـــەنیا ئـــاوات دەخـــوازم هـــیچ کاتێـــک بەســـەر دووژمنەکەیشـــمدا دووبـــارە نەبێتـــەوە. تـــەنیا خـــۆم هەســـت بـــە ئـــازارە ســـەختەکەی دەکەم،تـــاوەکو رۆژی مـــردن ئـــازاری ئـــەو رۆژە تاڵانـــەی ژیـــانم لـــەپێش چـــاوم و نـــاو مێشـــکم دەمێنێتەوە.
ئەوکاتـــە دەبـــم بـــە بـــاوکێکی بـــاش کـــە خـــاوەنی ئابوورییـــەکی مســـۆگەرکراوم. بـــۆ ئـــەوەی بتـــوانم داهـــاتووی خـــۆم و منداڵەکـــەم لـــە رێگـــەی ئـــەو داهاتـــەوە

کـــە هەمـــە ژیـــانی منداڵەکـــەم زۆر بـــەجوانی و بـــێ کـــەم و کورتی مسۆگەر بکەم.

ئـــەم ســـەردەمەی کـــە مـــن ئێســـتا تێیـــدا دەژیـــم کـــەمێک گـــــــــۆڕانی بەســـــــــەرهاتووە، واتە هاوشـــــــــێوەی ســـــەردەمەکانی پـــــێش خـــــۆم نیـــــیە کە بە ســـــەردەمانی ســـــــــادەیی و بـــــــــاوەڕکردن بە شـــــــــتە جوانەکـــــــــان ناســـــرابوون ،مرۆڤەکـــــان ئەوکـــــات دڵیـــــان بە شـــــتانێکی سادەوە خۆش بوو بەڵام ئێستاکە...!!!

رۆژ بـــــــە رۆژ پێداویســـــــتیەکان و خواســـــــتەکان زۆر دەبـــن، بەتایبـــەتیش منـــداڵی ئێســـتا دەبێـــت باشـــترینەکان بۆیـــان بکـــەین وەکـــو بـــاوک و دایـــک، چوونکـــە تـــەنیا بـــــــەخێوکردن گرنـــــــگ نییـــــــە بـــــــۆ منـــــــداڵەکانمان بە پـــاروویەک نـــان، بـــەڵکو فەراهـــەمکردنی ژیـــانێکی ئـــارام و شایستە بۆ منداڵەکەم گرنترینیانە بەلامەوە.

بـــــاوکم کاتێـــــک بڕیـــــاری هاوســـــەرگیریدا هەرگیـــــز بەشـــیوەیەکی دووربینانـــە نەیڕوانیـــە داهـــاتووی خـــۆی و ئێمـــــــە ، هەربۆیـــــە دەرئەنجامەکـــــەی بـــــەو رۆژە ســـەختانە گەیشـــتین کـــە تەنـــانەت نەبووینـــە خـــاوەنی پارچە زەوییەکیش.

ئەگـــــەرچی جاروبـــــار هەســـــتێک لـــــەناو ناخمـــــەوە وام لێـــدەکات لـــەباوکم تـــووڕەبم ، بـــەڵام ســـەرباری ئـــەوە من هەرباوکم خۆشدەوێت و شانازی پێوەدەکەم.

چوونکـــە ئـــەو لـــەم ژیانـــەدا ، کاتێـــک کـــۆچی دوایـــی کـــرد، وانەیـــەکی گرنگـــی فێرکـــردم ، کـــە ئـــەویش بریتـــی بـــوو لە وانەی (بیرکردنەوە).

هـــــــەژاری و دەردەســـــــــەری لـــــــــە ئـــــــــەنجامی بیرنەکردنـــەوەیکی فـــراوان دێـــت لەلایـــەن مرۆڤەکانـــەوە بۆیـــە مـــرۆڤ دەبێـــت خـــاوەنی بیرێکـــی فـــراوان بێـــت لەژیانیـــــدا، نەک وەکـــــو ئـــــاژەڵی دارســـــتانەکان مـــــامەڵە بکاتن.

لە کۆتاییـــدا مـــن مـــرۆڤم دەبێـــت لە ئاســـتی مرۆڤبـــوونی خـــــۆم بـــــژیم کە ئەویـــــش مێشـــــک و بیرکـــــردنەوە دوورەکانمە.

ئـــەوەی مـــن فێـــری بـــووم لـــەژیانم، ئەوەیـــە کـــە ئـــەم ژیانـــە وەکـــو جـــەنگ وایـــە دەبێـــت ســـەربازێکی بـــاش بیـــت لـــە پێنـــاو مانەوەتـــدا ، ئەمـــەش تەنیـــا لـــە ئـــەنجامی بیرکردنەوەی باش دێت، نەک بەهێزی جەستە.

زۆرجـــــار هێـــــزی جەســـــتە ناتوانێـــــت زاڵبێـــــت بەســـــەر هەنـــــدێک کێشـــــەو ســـــەختیدا،بۆیە دەبێـــــت لەگـــــەڵی مێشـــکێکی فـــراوان هـــەبێت بـــۆ بیرکردنـــەوەی جـــوان و تەندروســـــتانە، تـــــاوەکو لـــــە ســـــەرجەم کێشـــــەکان دەرباز ببین.

ڕۆژێکیـــان لەگـــەڵ یـــەکێک لـــە هاوڕێکـــانی زانکـــۆم لـــە باخچـــــەی زانکۆکـــــەمان پێکـــــەوە دانیشـــــتبووین، ئـــــەو هاورێیـــــەم پێـــــی گـــــوتم: ئامـــــانج دەزانـــــی خۆشـــــترین ڕۆژی من لە ژیانم چییە؟

منیش خۆم سوڕاندەوە بۆلای هاوڕێکەم کە هەڵە نەبم ناوی نیهاد بوو کوڕێکی کورتەباڵای سوورە بوو. منیش بە نیهادم گوت: خۆشترین ڕۆژی تۆ چییە نیهاد؟
نیهادیش گوتی: یەکەم شەوی هاوسەرگیری، خۆشترین رۆژی ژیانمە، زۆر بەئاواتی ئەو رۆژەم کە بەچاوەکانی خۆم ببیینم.

-منیش بە نیهادم گوت: باشە نیهاد ئەتوانی زیاتر بۆمی روونبکەیتەوە، کەوا بۆچی یەکەم شەوی هاوسەرگیری بەلاتەوە رۆژێکی خۆشە؟ واتە دە مەوێت زیاتر بۆمی شرۆڤەکەیت کە لەو شەوە چی داهێنانێک روودەدات لەنێوان تۆ و خێزانەکەت؟

نیهـــادیش بـــە پێکەنینـــەوە گـــوتی: ئـــاخ ئامـــانجی هـــاوڕێم دووبارە خۆت گێل کردووە لەم جۆرە بابەتانە...

-بـــۆچی خـــۆم گێـــل کـــردووە ! بەراســـتمە دەمـــەوێت بـــزانم خۆشـــی ئـــەو یەکـــەم شـــەوە چییـــە؟ ڕەنگـــە منـــیش بە دڵم بێت .

